## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٥٣) لە ٢٠٢٢/٦/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٢/٦/١٥، و لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ئاڕاستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و ئەو بەڕێزانەی کە کاریان کردووە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

٢. ڕاسپاردنی هەر وەزارەتێک بەپێی تایبەتمەندیی لە کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە و زانیاریی پێویست ئەو چاکسازییانە بخاتەڕوو کە لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی لە وەزارەت و فەرمانگەکانیان ئەنجامدراون، هەروەها باسی بەرنامە و پلانی داهاتووشیان لەمبارەیەوە بکەن.

٣. ڕاسپاردنی فەرمانگەی میدیا و زانیاری بۆ خستنەڕووی ئەو ژمارە و زانیارییانەی ئاماژەیان پێدراوە لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە بە زمانێکی سادە و ڕوون بۆ ڕای گشتی بخرێتەڕوو تا خەڵکی کوردستان لە هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەت لە بواری چاکسازیی ئاگادار بن.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**